DOI: https://doi.org/10.54809/jkss.vi9.41

گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیژیی

Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتیی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەی پەتای کۆرۆنا (کۆڤید ١٩) لەهەرێمی کوردستاندا

**پ.ی.د.بەهادین ئەحمەد محەمەد**

زانکۆی پۆلیتەکنیکیی سلێمانی / کۆلێژی تەکنیکیی کارگێڕی- بەشی تەکنیکیی میدیا

Corresponding author’s e-mail: bahadin.ahmed@spu.edu.iq

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە بەناوونیشانی: بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتیی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەی پەتای کۆرۆنا (کۆڤید ١٩). توێژینەوەیەکی وەسفییە لەجۆری ڕووپێوی، بەهۆی بڵاوبوونەوەی ئەو پەتا جیهانییە لەکاتی گەرمەی ڕوودانی پەتای ناوبراو لەهەرێمی کوردستاندا ئەنجامدراوە. گرنگی و بایەخی توێژینەوەکە ئەوەیە، کەباس لە بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتیی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لەکاتی قەیرانە تەندروستییەکاندا دەکات. بەئامانجی دەستنیشانکردنی سرووشت و ئاستی بەرپرسیارێتی ئەو دامەزراوە و کەناڵانە لەو کاتەدا لەبەرامبەر جەماوەر. هەروەها ڕادەی متمانەی جەماوەر بەجۆر و سەرچاوەی زانیارییە پەخشکراوەکانیان لەلایەن کەناڵ و دامەزراوەکانی ڕاگەیاندنی هەرێمی کوردستانەوە .

* کلیلە وشەکان: بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی، دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن، کۆرۆنا (کۆڤید ١٩)

Recieved: 2/8/2021
Accepted: 13/8/2021

E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

## پێشەکی :

دامـەزراوەکانی ڕاگەیانـدن لەجیهانـدا بەشـێکی دانەبـڕاو و جیانەکـراوەن لەهـەر وڵات و هەرێـم و کۆمەڵگەیـەی، کـە تێیـدا هـەواڵ و بەرنامـە و خزمەتگـوزاری تـر لـەڕووی هوشـیاری و پێـدانی زانیارییـەوە پێشـکەش بەجەمـاوەر و تاکـەکانی نێـو کۆمەڵگـە دەکـەن.

ئـەم جـۆرە دامەزراوەیـەش وەکـو کـۆی دامـەزراوە سـیاسی، کۆمەڵایـەتی، ڕۆشـنبیری و ....هتـد یـەکانی تـر. لـەکاتی پەخـش و بڵاوکردنەوەیـەی پەیـام و زانیارییەکانیـدا ئـەرک و بەرپرسـیارێتی کۆمەڵایـەتی و ئـاکاری دەکەوێتـە ئەسـتۆ، بۆیـە پێویسـتە ئـەو بەرپرسیارێتییە لەناوەڕۆکـی بەرنامـە و خشـتەی کار (ئەجێنـدا) و پـلانی کەنـاڵ و دامـەزراوەکانی ڕاگەیانـدن بەتایبـەت لـەکاتی ڕوودانی قەیـران و بڵاوبوونـەوەی پەتـا و نەخۆشـییەکان و مەترسـییەکانی تـر، کـە ڕووبـەڕوو یـان دوووچـاری تاکـەکانی کۆمەڵگـە دەبـن ڕەنگبداتـەوە و، لەهەوڵـی پاراسـتنی ئارامـی و ئاسـاییشی تاکـەکان و بەرژەوەندیـی گشـتی کۆمەڵگەکەیاندابـن.

ئامانجـی توێژینەوەکـە هەوڵدانـە بـۆ دەرخسـتنی ئـەرک و بەرپرسـیارێتی کۆمەڵایەتیـی دامـەزراوەکانی ڕاگەیانـدن لـە هەڵمـەتی بەرەنگاربوونـەوەی پەتـای کۆرۆنـا لەهەرێمـی کوردسـتاندا، کـە لەمسـاڵدا جیهـان و عێـراق و هەرێمیـشی گرتـەوە.

توێژینەوەکـە لەسـێ بـەش پێکهاتـووە میتۆدنامـە، تیۆرینامـە و پراکتیکنامـە. لەمیتۆدنامـەدا (کێشـەی توێژینـەوە، گرنگـی و بایـەخ، ئامانـج، میتـۆد، کۆمەڵگـەی توێژینـەوە و سـامپڵەکانی و...هتـد) خراوەتـەڕوو. میتـۆدی بەکارهاتـوو بـۆ ئەنجامـدانی توێژینەوەکـە میتـۆدی وەسـفییە لەجـۆری ڕووپێـوی.

لەکۆتاییـدا چەنـدین دەرەنجامـی زانسـتی و، پێشـنیاز و ڕاسـپاردە بـۆ کەنـاڵ و دامـەزراوەکانی ڕاگەیانـدن و لایەنـە پەیوەندیـدارەکان لەگـەڵ لیسـتی سـەرچاوەکان دا خراونەتـەڕوو.

## ١- میتۆدنامە:

### یەکەم/ کێشەی توێژینەوەکە و پرسیارەکانی:

پەتـای کۆرۆنـا (کۆڤیـد ١٩) پەتایەکـی ڤایرۆسـییە، کـە سـاڵی ٢٠١٩ وەکـو پەتـا و کێشـەیەکی تەندروسـتیی مرۆیـی و نێونەتەوەیـی لەسەرتاسـەری وڵاتـانی جیهانـدا بڵاوبوویـەوە. بـۆ بەرەنگاربوونـەوەی پەتاکـە، سـەرجەم دامـەزراوە حکومـی و ڕێکخـراوە تەندروسـتی و مرۆڤدۆسـتەکان لەجیهانـدا، کەوتنـە پلاندانـان و ئامادەباشـی پێویسـت پـلان و بەرنامـە و هەڵمـەتی خۆپارێـزی تەندروسـتییان ڕاگەیانـد. بـۆ هەمـان مەبەسـت دامـەزراوە و کەناڵـەکانی ڕاگەیاندنیـش لەهەرێمـی کوردسـتان وەکـو ئـەرک و بەرپرسـیارێتییەکی کۆمەڵایـەتی لەبەرامبـەر جەمـاوەری کوردسـتان دەسـتیانکرد بەهەڵمـەتی هوشـیاریی تەندروسـتی و ئاگادارکردنـەوەی هاوڵاتیـان لەمەترسـییەکانی ئـەم پەتـا نوێیـە کوشـندەیە.

بێگومـان ناوەڕۆکـی کێشـەی هـەر توێژینەوەیەکـی زانسـتی، دەکـرێ بەخسـتنەڕووی چەنـد پرسـیارێک بخرێتـەڕوو، کـە پێویسـتیان بەوەڵامـی زانسـتییە، بۆیـە لێـرەدا کێشـەی توێژینەوەکـە بـەم پرسیارانەی لای خـوارەوە دەخەینـەڕوو، کـە بریتییـن لـە:

### - پرسیارەکانی توێژینەوەکە:

١- مەبەست لەچەمکی بەرپرسیارێتی و بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی چییە؟

٢- مەبەست لە بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی ڕاگەیاندن چییە؟

٣- ئـەرک و بەرپرسـیارێتیی کۆمەڵایـەتی دامـەزراوە و کەناڵـەکانی ڕاگەیانـدنی کـوردی لـە هەڵمـەتی بەرەنگاربوونـەوەی پەتـای کۆرۆنـا (کۆڤیـد ١٩) لەهەرێمـی کوردسـتاندا چییـە؟

٤- دامـەزراوە و کەناڵـەکانی ڕاگەیانـدن چـۆن دەتوانـن لەڕێگـەی پێشەشـکردنی پەیامـە جۆربەجـۆرەکانی ڕاگەیاندنـەوە ئـەم ئـەرک و بەرپرسـیارێتییە کۆمەڵاتییـە لەبەرامبـەر جەمـاوەر لەئەسـتۆ بگـرن؟

٥- بـۆ بەرەنگاربوونـەوەی پەتاکـە و هوشـیارکردنەوەی جەمـاوەر دامـەزراوە و کەناڵـەکانی ڕاگەیانـدن زیاتـر پەنایـان بردۆتەبـەر پەخـش و بڵاوکردنـەوەی کام لـە هونـەر و ژانـرە جیـاوازەکانی ڕاگەیانـدن؟

**دووەم/ گرنگی توێژینەوەکە:**

گرنگـی و بایەخـی توێژینەوەکـە لەوەدایـە، کـە بـاس لەلایەنێکـی گرنگـی گۆڕهـپـان و کاری مەیدانیـی دامـەزراوەکانی ڕاگەیانـدنی پەیوەسـت بەپاراسـتنی بەرژەوەندیـی گشـتیی کۆمەڵگـە و، پێکەوەبەسـتنی بـە تیۆرێکـی ڕاگەیاندنـەوە دەکات، کـە تیـۆری بەرپرسـیاریەتی کۆمەڵایەتییـە (المسـؤولیە الإجتماعیـە Responsibility Social) بەتایبـەتی لـەکاتی مەتـرسی بڵاوبوونـەوەی پەتـای نەخـۆشی (کۆرۆنـا) لەهەرێمـی کوردسـتاندا لەسـاڵی ٢٠١٩ دا دەکات.

**سێیەم/ ئامانجەکانی توێژینەوەکە:**

١- هەوڵـدان بـۆ دەستنیشـانکردنی ڕادەی بەرپرسـیارێتی کۆمەڵایەتیـی دامـەزراوەکانی ڕاگەیانـدن لـە هەڵمـەتی بەرەنگاربوونـەوەی پەتـای کۆرۆنـا (کۆڤیـد ١٩) لەهەرێمـی کوردسـتاندا .

٢- هەوڵـدان بـۆ دەستنیشـانکردنی ڕۆڵـی دامـەزراوە و کەناڵـەکانی ڕاگەیانـدن لەهەرێمـی کوردسـتان لەبەرەنگاربوونـەوەی پەتـای ڤایـرۆسی کۆرۆنـا (کۆڤیـد ١٩) لەڕێگـەی هەڵمـەتی هوشـیارکردنەوەی جەمـاوەرەوە.

٣- دەستنیشـانکردنی ڕادەی متمانـەی جەمـاوەر بـە دامـەزراوە و کەناڵـەکانی ڕاگەیانـدن لـەکاتی ڕووماڵـکردنی هـەواڵ و زانیارییـەکانی تایبـەت بەرێـژەی بڵاوبوونـەوە و تەشەسـەندنی پەتاکـەدا لەهەرێمـی کوردسـتاندا.

**چوارەم / بوارەکانی توێژینەوەکە:**

١-بواری شوێن: پارێزگای سلێمانی.

٢-بواری کات: ١/٣-٢٠٢٠/٥/٣١.

٣-بواری مرۆیی: هاوڵاتیانی پارێزگای سلێمانی و قەزا و ناحیەکانی دەوروبەری.

**پێنجـەم / کۆمەڵگـە و سـامپڵەکانی توێژینەوەکـە: کۆمەڵگـەی توێژینەوەکـە بریتییـە لەهەرێمـی کوردسـتان/ پارێـزگای سـلێمانی بەسـەرجەم شـار و شـارۆچکە و قـەزا و ناحیەکانییـەوە.**

لەبـەر ڕاگەیانـدنی قەدەغـەی هاتووچـۆ لەلایـەن وەزارەتی ناوخـۆی حکومـەتی هەرێمـی کوردسـتانەوە لەنێـوان پارێـزگا و شـارەکاندا بەمەبەسـتی بەرەنگاربوونـەوەی پەتـای نەخۆشـییەکە و بڵاونەبوونـەوەی لەنـاو هاوڵاتیانـدا و، هەروەهـا ڕاگەیانـدنی بـاری نائاسـایی و مـاوەی (کەرەنتینە)بـۆ هەمـان مەبەسـت، بۆیـە نەدەتوانـرا فۆرمـەکان بەئاسـانی دابەشـبکرێن

و بەئاسانی بگەنە هاوڵاتیان لەسەرجەم پارێزگا و شار و شارۆچکەکان، بۆیە توێژەر زیاتر فۆکەسی خستۆتەسەر ناوەندی پارێزگای سلێمانی و شارۆچکە و ناحیەکانی دەوروبەری لەماوەی ٣ مانگدا لەنێوان (٢٠٢٠/٥/٣١-٣/١) دا، (٥٣٣) بەشێوەی سامپڵی هەڕەمەکی فۆرمی دابەشکردووە، بەڵام بەهۆی نەگەیشتنە دەستی فۆرمەکان یان هەڵەپڕکردنیانەوە. (٥٠٠) فۆرم بەتەواوی و درووستی گەیشتوونەتەوە دەستی توێژەر و، ئەوانی تر فەرامۆش کراون.

**شەشەم / ڕاستی و جێگیری (الصدق والپبات ):**

بۆ ڕاستی و جێگیری فۆرمەکانیش توێژەر هاوکێشەی هۆلستی (*) بەکارهێناوە، کە پێشووتر فۆرمەکە پیشانی کەسانی پسپۆری ڕاگەیاندن لەمامۆستایانی زانکۆکانی عێراق و هەرێمی کوردستان دراون. پاش مانگێک لەبڵاوکردنەوە و وەڵامدانەوەی فۆرمەکان و، دووبارە بڵاوکردنەوەیان جێگیری وەڵامی فۆرمەکان بەپێی هاوکێشەکە دەرکەوت لەئەنجامدا (٠,٩٠) دەرچووە، کە ئەمەش لەڕووی زانستییەوە ڕێژەیەکی بەرز و پەسەندە.

**حەوتەم / میتۆدی توێژینەوەکە و ئامرازەکانی: میتۆدی بەکارهاتوو بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە، میتۆدی وەسفییە لەجۆری ڕووپێوی. لەگەڵ ئامرازی سەرنجدانی زانستی .**

**هەشتەم / توێژینەوەکانی پێشوو:**

١- توێژینەوەی هلوبەشی هێرش ڕەسول موراد ، یادگار عەلی محەمەد و دەشتی عەلی ڕەشید بەناوونیشانی (ڕۆڵی فەیسبوک لەبڵاوکردنەوەی هوشیاریی دەربارەی کۆرۆنا لەهەرێمی کوردستاندا) :

گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، بەرگی ٧، ژمارە ١، ٢٠٢٠ (نوسخەی ئەلکترۆنی).

ئەو پرس و بابەتەی ئەم توێژینەوە وەسفییە ڕووپێوە ئەلکترۆنییە لێیدەکۆڵێتەوە، کە تێیدا ٤٥ مامۆستای زانکۆ لەهەرێمی کوردستان وەکو نموونە وەرگیراون.

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە و سامپڵەکانی مامۆستایانی زانکۆی گەرمیان وەرگیراون بۆ هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ لەکۆی (٣٥١) مامۆستا تەنیا (٤٥)یان وەکو سامپڵی ئەنقەست (عینە عمدیە) وەرگیراون، کە دەکاتە (١٢,٨٢٪).

هەروەها هەوڵیانداوە لەبابەتی هوشیاری و هوشیاری تەندروستی لەڕێگەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی نوێوە (فەیسبوک بەنموونە) وەربگرن لەنێوان سەرەتای مانگی شوبات تاوەکو نیوەی ئازاری ٢٠٢٠.

لەکۆتایی توێژینەوەکەشدا، توێژەران بەچەند دەرەنجامێک گەیشتوون، لەوانە: (فەیسبوک)ی کوردزمانان بەشێوەیەکی گشتی و لەڕێگەی خزمەتگوزارییە جیاوازەکانەوە، توانیویەتی ڕۆڵ لەبڵاوکردنەوەی هوشیاریی سەبارەت بەنەخۆشی (کۆرۆنا) لەهەرێمی کوردستاندا بگێڕن (هێرش و ئەوانی تر، ٢٠٢٠).

٢- توێژینەوەی هاوبەشی بەهات حەسیب قەرەداغی و شوان ئادەم ئەیڤەس بەناوونیشانی ( پەیامی میدیایی و کاریگەرییەکانی لەسەر هۆشیاریی تەندروستیی هاووڵاتیان لەسەردەمی پەتای کۆڤید ١٩ و قەدەغەی هاتووچۆ لەهەرێمی کوردستاندا ): گۆڤاری قەڵای زانست، زانکۆی لوبنانی فەرەنسی، بەرگی ٥، ژمارە ٢، هەولێر، بەهاری ٢٠٢٠. (نوسخەی ئۆنلاین)

ئەم توێژینەوە وەسفییە لەجۆری ڕووپێوی. هەڵسەنگاندنی بۆ کاریگەرییەکانی پەیامی میدیایی لەسەر هۆشیاری

تەندروستیی بەکارهێنەرانی میدیا لەبارەی کۆڤید ١٩ هوە کردووە. بۆ ئەو مەبەستەش، ماوەی قەدەغەکردنی هاتووچۆی هەرێمی کوردستانی عێراقی لەنێوان ١٤ی ئایار بۆ ١٦ی نیسانی ٢٠٢٠، وەک کۆمەڵ و مشتەی توێژینەوەکە وەرگرتووە. پاش وەرگرتنەوەی ٧٥٠ وەڵامی بەرتوێژان و شیکردنەوەی داتاکانیان. ئەم توێژینەوەیە گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە میدیاکان کاریگەری زۆریان لەسەر بەرتوێژان هەبووە و توانیویانە قەناعەتیان پێبهێنن کە پابەندی ڕێنماییە تەندروستییەکان بن. ئەوەیش بەهۆی تێڕوانینی ئەرێنیی بەکارهێنەرانی میدیاکان بۆ شێوازی داڕشتنی پەیامی میدیایی لەگەیاندنی زانیاریی و ڕێنمایی پەیوەست بەخۆپاراستن لەپەتای کۆڤید ١٩ و مەترسییەکانی. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و تەلەفزیۆنی کوردیی و جیهانییەکان، سەرچاوەی سەرەکیی زانیارییەکانی زۆرینەی بەرتوێژان بووە و لەو چوارچێوەیەشدا زۆرتر پشتیان بەژانری ڕۆژنامەوانیی هەواڵ و هەواڵی بەپەلە بەستووە و کەمتر دیداری تەلەفزیۆنیی لەگەڵ پسپۆڕانی تەندروستیان بەلاوە گرنگ بووە. بەپێچەوانەشەوە، کەمینەیەک لە بەکارهێنەرانی میدیا لە هەرێمی کوردستاندا هێشتا گرنگی بەهیچ جۆرە ڕێنمایی و پەیامێکی میدیایی نادەن و پێشیانەوە پابەندنابن. هاوکات بەرتوێژان زۆر بەگرنگی دەزانن، میدیاکان پەیامی ترس و بیم و هەواڵی ناخۆش کەمتر بکەنەوە و ڕەچاوی دۆخی دەروونیی وەرگرەکانیان بکەن. بەتایبەت لەسەروەختی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و قەیرانەکان و کارەساتە سرووشتییەکاندا (قەرەداغی و ئەیڤەس، ٢٠٢٠).

٣-توێژینەوەی د.کارزان محەمەد ئەحمەد بەناوونیشانی (کاریگەری واتەواتی میدیای ئەلکترۆنی لەسەر ئاسایشی کۆمەڵگا لەهەرێمی کوردستان بڵاوبوونەوەی کۆڤید ١٩ بەنموونە) :

ئەم توێژینەوە زانستییە لەجۆری جۆرییە پشتی بەستووە بەمیتۆدی (گراندد). هەوڵی داوە بەشێوەیەکی ئەکادیمی تاوتوێی کاریگەرییەکانی ئەو واتەواتانە بکات کەلەمیدیا ئەلکترۆنییە فەرمییەکانەوە لەسەردەمی مەترسی ڤایرۆسی (کۆرۆنا) لەهەرێمی کوردستاندا بڵاودەکرانەوە. تێیدا نموونەی لەسایتەکانی (ڕووداو، خەندان و NRT) لەماوەی (١ی شوبات تا ٣٠ی نیسانی ٢٠٢٠) وەرگیراوە. چاوپێکەوتنی لەگەڵ (١٠) پسپۆڕی جیاواز و کەسایەتی پەیوەندیدار بەو دۆسییە کردووە، مۆدیلێکی شیاوی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پەتای (کۆرۆنا) خراوەتەڕوو (ئەحمەد، ٢٠٢٠، ل١٠٧).

* گفتووگۆی توێژینەوەکانی پێشوو:

لەدەرەنجامی خستنەڕو و شیکردنەوەی توێژینەوەکانی پێشوو ئەوە ڕوون بوویەوە کە ئەو توێژنەوانە هەر یەکە و لەڕوانگەیەکی جیاوازی زانستییەوە لەکاریگەری ڕاگەیاندنیان لەسەر پەتای کۆرۆنا توێژیوەتەوە. توێژینەوەکەی توێژەران (هێرش ڕەسول و هاوڕێکانی) لەبابەتی کاریگەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان (فەیسوک) و پەتای کۆرۆنایان کۆڵیوەتەوە بەشێوەی ئەلکترۆنی لەناو توێژی مامۆستایانی زانکۆدا.

هەروەها توێژینەوە هاوبەشەکەی توێژەران (بەهات حەسیب قەرەداغی و شوان ئادەم ئەیڤەس)ە زیاتر بابەخیان بەجۆری پەیامی میدیایی و کاریگەری لەسەر هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان تایبەت بەهوشیارکردنەوەیان لەپەتای (کۆرۆنا) زیاتر لەسەنتەری پارێزگاکانی هەرێم بەشێوازی ناردن و دابەشکردنی فۆرمی ئەلکترۆنی بۆ هاووڵاتیان لەنێوان (١٤/ ئایار- ١٦/ نیسانی ٢٠٢٠) سامپڵی وەرگرتووە، بەشێوەیەک گرنگی تەنیا بەماوەی قەدەغەی هاتووچۆ و سەروبەندی سەرهەڵدانی پەتاکە تەنیا لە ماوەی ٣٢ ڕۆژدا داوە.

هەرچی توێژینەوە تایبەتەکەی توێژەر (کارزان محەمەد ئەحمەد)یشە لەکاریگەری واتەواتی میدیای ئەلکترۆنی لەسەر ئاسایشی کۆمەڵگا لەهەرێمی کوردستان لەکاتی بڵاوبوونەوەی کۆڤید ١٩ کۆڵیوەتەوە. نموونەی هەواڵ و

بابەتـەکانی چەنـد سـایتێکی ئەلکـترۆنی کـوردی وەرگرتووە.بەمەبەسـتی وەرگرتنـی ڕا و بۆچوونیـان لەگـەڵ ژمارەیـەک مامۆسـتای زانکـۆ و پسـپۆڕ و شـارەزای بوارەکـە چاوپێکەوتنـی ئەنجامـداوە.

**نۆیەم / پێناسەی چەمک و زاراوەکان:**

١- بەرپرسیارێتی (المسؤولیە Responsibility): گرتنەئەستۆ و پەیوەستییە بە کار و فرمان و چالاکییەکی دیاریکراوە.

٢- تیۆری بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی: (نقریە المسؤولیە الإجتماعیەSocial Responsibility Theory):

تیۆرێکـی ئـاکاری و ئەخلاقییـە، کـە تـاک و دامـەزراوەکان بەرپرسـیاردەکات لەبەرامبـەر پاراسـتنی بەرژەوەندییـە گشـتی و بەهـا بـاڵاکانی کۆمەڵگەیەکـی دیاریکـراو.

٣- دامەزراوە: (Institution) بریتییە لە ڕێکخستنێکی مرۆیی، بە مەبەستی هێنانەدیی ئامانجی دیاریکراو کۆدەبێتەوە.

٤- دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن: (Media Institution)

بریتییـن لـە ڕێکخسـتنی مرۆیـی، ئامانجـی دیاریکـراو و ڕاگەیەنـدراوی هەیـە. ڕێکخسـتن و بەرنامـە و پەیکـەری کارگێڕیـی دیاریکراویشـی هـەن . کار لـە چوارچێـوەی پێڕەوی گشـتیدا دەکات هـەوڵ بـۆ هێنانەدیـی ئامانجـە دیاریکـراوەکان دەدات و بەرپرسـە لـە کارگێڕیـی ئامرازەکانـی ڕاگەیاندنـی جەمـاوەری، کـە توانـای گواسـتنەوەی پەیامەکانـی بـە لێهاتووییـو کاراییـەوە بـۆ جەمـاوەر هەیـە.

٥-هەڵمـەت : بریتییـە لەهـەوڵ و چالاکییەکـی چـڕو پـڕ و بـەردەوام و بەرفـراوان بـۆ ماوەیەکـی دیاریکـراو لەڕێگـەی گرتنەبـەری سـەرجەم ئامـراز و کەنـاڵ و شـێوازەکانی پەیوەندییکـردن بەجەمـاوەرەوە لەپێنـاوی گەلاڵەکـردن و خسـتنەڕووی بابەتێـک بەمەبەسـتی گەیشـتن بەئامانجێکـی دەستنیشـانکراو.

٦-هەڵمـەتی تەندروسـتی: جۆرێکـە لەهەڵمـەتی هوشـیاری و میدیایـی، بەمەبەسـتی هوشـیارکردنەوەی هاوڵاتیـان لەمەتـرسی بڵاوبوونـەوەی پەتـای نەخۆشـییەکی وەرزی یـان کتوپـڕ.

٧- بەرەنگاربوونـەوە: هەوڵدانـە بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوە و قەلاچۆکـردن یـان لەناوبـردنی هۆکارێکـی مەترسـیدار یاخـود کەمکردنـەوەی هەڕەشـە و مەترسییەکانی لەڕێگـەی سنووردارکردنی.

٨-پەتـای کۆرۆنـا (کۆڤیـد ١٩): پەتایەکـی نەخـۆشی لەجـۆری ڤایرۆسـی هەڵامەتـە، کـە دووچـاری کۆئەندامـی هەناسـەدانی مـرۆڤ دەبێـت و، هەنـدێ جـار دەبێتـە هـۆی مـردن بەتـاک و کۆمـەڵ، لەڕێگـەی بڵاوبوونـەوە و تەشەنەسـەندنی و گواسـتنەوەی لەڕێگـەی هـەوا و کـرداری هەناسـەدانەوە.

## ٢- تیۆرینامە:

١/٢: تیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتیی و ڕەچاوکردنی لەدامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لەهەرێمی کوردستاندا:

تیـۆری بەرپرسـیارێتی کۆمەڵایەتـی لەسـەرەتاکانی سـەدەی ڕابـردوودا پەیدابـوو. بەتایبـەت لـەدوای دەرکەوتنـی ئامـراز و هۆیـەکانی ڕاگەیانـدن، کـە سـەرچاوەی جۆراوجـۆر و بژاردەی فـرەی خسـتە بەردەسـتی مـرۆڤ، کـە تـاک تەنهـا پشـتی بەڕاگەیانـدن نەدەبەسـت بـۆ وەرگرتنـی هـەواڵ و زانیـاری. ئـەم تیـۆرە لەسـەر بنەمـای ئـەوەکاردەکات، کـە ڕاگەیانـدن مـافی ڕەخنەگرتنـی بابەتیانـەی هەیـە لەحکومـەت یـان هـەر دەزگایـەک، بـەڵام لەهەمـان کاتـدا پێویسـتە ئـاگای لەسـەقامگیری کۆمەڵگـە و پاراسـتنی لەپاشـاگەردانی و بـێ سـەروبەری هەبێـت.

بەپێی ئەم تیۆرە ڕاگەیاندن هەم مافە و هەم ئەرکە و هەم بەرپرسیارێتیشە، بۆیە پێویستە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن پارێزگاری لەئازادی و سیستەمی گشتی بکەن، بەوەی کە زانیاری درووست بەخەڵکی بدەن و، پارێزگاری لەبەرژەوەندی کۆمەڵگە و تاکەکان بکەن (ڕێشاوی، ٢٠١٧، ل١٠٨).

تیۆری بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی هەوڵدەدات بۆ دۆزینەوەی هاوسەنگی لەنێوان ئازادی ئامراز و هۆیەکانی ڕاگەیاندن لەلایەک و، پاراستنی بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگە لەلایەکی ترەوە. ئەمەش خۆی لەئازادییەکی بەرپرسانەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لەکۆمەڵگەی هاوچەرخدا دەبینێتەوە (ئەبوزێد، ٢٠١٢، ل١٥٥).

ئەم تیۆرە لەم قۆناغ و سەردەمانەی دواییدا گەشەی بەخۆوە بینی، کاتێک پەیڕەو و شێوازی سیاسەتی دەستێوەرنەدان لەچاودێریکردنی هۆیەکانی ڕاگەیاندن نەیتوانی گرنتی پاراستنی ئازادییەکان بێت. ئەم تیۆرییە بەشێوەیەک داڕێژراوە، کە باوەڕی تەواوی بەپرۆسەی مافی تاکەکەسی نییە لەڕێگەی ڕکابەری ئازادانە لەبواری بڵاوکردنەوەی زانیاری و بیروبۆچوون، بەڵکو جێگرەوەی ئەم تیۆری ئازاد (لیبراڵ)ە، کە بانگەشەدەکات بۆ پشتبەستنی خۆیی ئابووری لەلایەن کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە و هاندانی حکومەت بۆ پاراستنی ئازادیی ڕاگەیاندن و پەیوەستبوونی ڕۆژنامەنووسان بەبنەماکانی کاری پیشەییانەوە لەڕوانگەی ئەوەی، کە هەموو ئەوانەی دەیانەوێ بڵاوی بکەنەوە، کاتێک پێویست ناکات بڵاوی نەکەنەوە. (Kevin,٢٠٠٣,p.٢٦)

لەبەرامبەردا هەندێکی تر ڕایان وایە، کە خراپ سوودوەرگرتن لە ئازادی ڕاگەیاندن و پەیوەندییکردن، هۆکار و پاڵنەر و پاشخانی سەرهەڵدانی ئەم تیۆرییە نوێیەی بوون بەناوی تیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی، کە جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەنجامدانی کاروچالاکی ڕاگەیاندن و پەیوەندییکردن بەشێوەیەکی ئازادانە، بەڵام بەگیانێکی هەستکردن بەبەرپرسیارێتی. ئەمەش دوای ئەوەی، کە ڕێگەدان و بانگەشەکردن بۆ مافی ئازادی ڕهای تاکەکان هەواڵی وروژاندن و بڵاوکردنەوەی هەواڵی دەستدرێژی سێکسی و تاوانکاری و بێسەروبەری لێکەتوەوە و، بووە هۆی پێشێلکردنی پیرۆزییەکان و دەستێوەردان بەکاروباری تاکەکانی تر.

لایەنگرانی ئەم تیۆرە نوێیە ڕەخنە لەوە دەگرن ، کە تیۆری ئازاد (لیبراڵی) پەسەندکراو نییە لەکۆمەڵگەی هاوچەرخدا، بەڵکو پێویستە چەمکی ئازادی بەبەرپرسیارێتییەوە گرێبدرێت، چونکە ئازادی ماف و ئەرک و بەرپرسیارێتیشە لەهەمان کاتدا. بەواتا و دیوێکی تر ئەنجامدانی کار و چالاکی ڕاگەیاندن و پەیوەندییکردن بەشێوەیەکی ئازادانە، پەیوەست بکرێت بەڕەچاوکردنی بەرپرسیارێتییەوە. (کحیل، ١٩٨٧، ص١١٥)

هەروەها لایەنگران و پشتیوانانی تیۆرەکە ڕایان وایە، کەپێویستە حکومەت تەنیا ڕێگە بەئازادی تاکەکان نەدات، بەڵکو پارێزگاری لەبەرژوەندی گشتی و بەها باڵاکانی کۆمەڵگەش بکات، چونکە دواتر هەر حکومەتە هێزی گەورەی مادی لەکۆمەڵگەی هاوچەرخدا و هەر ئەویشە بتوانێت دەستەبەری ماف و ئازادییەکان بۆ هاوڵاتیان و کۆمەڵگەکەی بکات. (بن روان، ٢٠٠٧،ص٥١)

لەمبارەیەوە لێژنەی (هوتشنز)ی ئەمریکی لەساڵی (١٩٤٧)دا هەندێ بنەما و پرنسیپی بۆ بیرۆکەی تیۆری بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی دامەزراوە و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لەسەرتادا دانا، کە دواتر پەرەیان پێدرا و خاڵ و بنەماکانی زیادکران، پاشان ئاماژەیان پێ دەکەم، ئەوانیش بریتین لەمانەی لای خوارەوە: (کحیل، ١٩٨٧، ص١١٦) :

١- پێویستە دامەزراوە و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن پەیوەستبن بەپاراستنی بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگەوە.

٢- پێویستە دامەزراوە و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن پەیوەستبن بە پەیماننامەی کاری ڕۆژنامەنووسی و بەرپرسیارێتی و

پراستنی سنوورەکانەوە.

٣- پێویستە پابەندبن بە ڕاستگۆی، بابەتیبوون، وردی و هاوسەنگییەوە.

٤- ڕەچاوکردنی هاوسەنگی لەنێوان کۆمەڵگە و دامەزراوەکان و خوستی بازاڕدا.

لەگرنگترین بنەماکانی تیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتیی ڕاگەیاندن بریتیین لەم خاڵانەی لای خوارەوە: (صالح، ١٩٩٥، ص١٩)

١- پێویستە هۆیەکانی ڕاگەیاندن و پەیوەندییکردن ئەرک و بەرپرسیارێتی دەستنیشانکراویان بەرامبەر کۆمەڵگە لەئەستۆبگرن و جێبەجێ بکەن.

٢- بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئەرک و بەرپرسیارێتیانەش پێویستە هۆیەکانی ڕاگەیاندن و پەیوەندییکردن ڕێکبخرێن بەشێوەیەکی گشتی.

٣- ئەم بەرپرسیارێتی و ئەرکانە دەکرێت لەڕێگەی پەیوەستبوون بەپێوەرە پیشەییەکانەوە لەگواستنەوەی هەواڵ و زانیارییەکان لەسەر بنەماکانی: ڕاستی، وردی، بابەتیبوون و هاوسەنگی جێبەجێ بکرێن.

٤- پێویستە هۆیەکانی ڕاگەیاندن و پەیوەندییکردن دووربکەونەوە لەپەخش و بڵاوکردنەوەی هەواڵ و بەرنامە و پیشاندانی دیمەنی تاوان و توندوتیژی و بێ سەروبەری کۆمەڵایەتی یان ڕێگەنەدان بە سووکایەتییکردن بەکەمینەکان.

٥- پێویستە هۆیەکانی ڕاگەیاندن و پەیوەندییکردن فرە و هەمەجۆربن و، ڕەنگدانەوەی بیروڕا جیاوازەکان تێدابێت و، پەیوەست بێت بەمافی وەڵامدانەوەش.

٦- کۆمەڵگە مافی هەیە لەسەر هۆیەکانی ڕاگەیاندن و پەیوەندییکردن بەوەی، کە لەکاتی ئەنجامدانی ئەرک و کاروچالاکیەکانیاندا پەیوەست بن بەپاراستنی بەها باڵاکانی کۆمەڵگە و ئادابی گشتییەوە.

٧- دەستێوەردانی گشتی لەوانەیە هەندێ جار پاساوێک بێت بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندیی گشتی.

سەبارەت بەدۆخی ڕاگەیاندن و مەودای پاراستنی ئازادییەکان و ڕادەی هەستکردن بەبەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتیی کەناڵ و دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لەهەرێمی کوردستاندا، لەڕاستییدا بەهۆی ئەو دۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتییە چەقبەستووەی ماوەی چەند ساڵێکە لەم هەرێمەدا هەیە. هەروەها بەهۆی ئەوەی خاوەندارێتی و پشتیوانی زۆربەی هەرە زۆری دامەزراوە و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لەلایەن پارتە سیاسییەکانەوە دەکرێت، وای کردووە ڕەنگە لەم دۆخ و قۆناغەدا هیچ گەلێک هێندەی گەلی کورد پێویستی بەسیاسەتێکی ڕاگەیاندنی یەکگرتووی نەتەوەیی نەبێت، بۆیە کاتی ئەوە هاتووە لەهەرێمی کوردستاندا سیاسەتێکی نەتەوەیی بۆ ئەو هەموو کەناڵە ڕاگەیاندنە حزبی و بێسەروبەرانە دابنرێت. ئەگەر وانەکرێت دواتر کارەساتێکی گەورە چاوەڕوانمان دەکات، کە سەرتاپای شیرازەی کۆمەڵایەتیی کوردەواری لەبەریەک هەڵبوەشێنێتەوە. (عەزیز، ٢٠١٦، ل١٤١)

بەشێوەیەک لەهەرێمی کوردستاندا هەر کەناڵێکی ڕاگەیاندن لەئاوازێک دەخوێنێت و پلان و ستراتیژ و سیاسەتێکی ڕاگەیاندنی سەرکەوتو و ڕوون و دەستنیشانکراوی نییە و، هەواڵی بێسەروبەر و پەلامار و هەڵمەت بۆسەر ئەوانی تر بڵاودەکاتەوە و، سەر لەپەیام وەرگر دەشێوێنێت و چەواشەی دەکات، بەشێوەیەک هەندێکیان ڕاستییەکان دەخەنەڕوو، هەندێکی تر پەیامی چەواشە و بێ سەرچاوە بڵاودەکەنەوە. ئەوەی لەو نێوەندەدا سەری لێشێواوە و دۆش داماوە و ڕاست و درۆی بۆ لێک جیاناکرێتەوە، خەڵکی سادە و ساکاری کوردستانە. (عەزیز، ٢٠١٦، ل١٤٢)

بێگومان ناوەڕۆکی ئەو تەنگوچەڵەمەیەی ڕووبەڕووی بەدەسەڵاتبوونی ڕاگەیاندن دەبێتەوە لێرەدا خۆی دەنوێنێت،

باری سیاسی نالەبار و نەچەسپاو و دڵنیانەبوون لەئایندە هۆكاری لاوازی و گەشەنەسەندنی ئابووری كوردین، دواتر ئابوورییەكی بەمجۆرە یارمەتیدەر نابێت بۆ خستنەگەڕی سەرمایە لەبازاڕی ڕاگەیاندنی سەربەخۆدا لەلایەن كەرتی تایبەتەوە. ئەمەش بەشێوەیەكی نەرێیانە كاردەكاتە سەر هاتنەكایەی دەسەڵاتی چوارەم، چونكە نابێت خۆمان لەو ڕاستییە لابدەین، كە چاودێریكردن و ئازادیی ڕادەربڕین بەڕەوشی جێگیری ئابوورییەوە بەستراونەتەوە. بەداخەوە لەگەڵ ئەوەی ڕەوشی ئابووریی كوردستان لەئاستێكی لاوازدایە، ڕەوشی سیاسی و كۆمەڵایەتیش جێگیر نییە. (موراد، ٢٠١٣، ل٤٩)

٢/٢: هەڵمەتی ڕاگەیاندن .. ئامانج و هەنگاوەكانی ئەنجامدانی:

هەموو هەڵمەتێكی ڕاگەیاندن بەچەند هەنگاو و قۆناغێكی دیاریكراودا دەڕوات، كە پێویستە لایەن و دامەزراوەكانی ئەنجامدەری هەڵمەتەكە لەگەڵی جێبەجێكردنیدا ڕەچاویان بكەن، چونكە بەكارهێنانی بەپلانی كەناڵ و هۆیەكانی ڕاگەیاندن دەتوانێت باشتر و چاكتر و سەركەوتووانەتر كاریگەری لەسەر كۆمەڵگە و تاكەكانی هەبێت و، ڕۆڵی بەرچاو و هەستپێكراو و بەرجەستەی دواتر هەبێت لەسەر ئاستی هوشیاری و بەرزكردنەوەی لایەنی زانین و ڕۆشنبیریان و گۆڕینی بیروبۆچوون و بیركردنەوە و هەڵوێستیان سەبارەت بە پرس و بابەتە جۆربەجۆرەكانی دەوروبەریان. (عبدالحمید، ٢٠٠٠، ص٢٤٥)

دەكرێ هەڵمەت بۆ پشتگیری و پشتیوانی لەپرس و دۆز و بابەتێك بێت یان لەدژی دیاردە و پرۆژەیەك بێت، كە زیان بە بەرژەوەندی كۆمەڵگە بگەیەنێت. (الشلبی، ١٩٩٤، ص١٤١)

هەڵمەتی ڕاگەیاندنیش چالاكییەكی ڕاگەیاندنە ئامانج لێی بۆ كاركردنە سەر بیربۆچوون و ئاراستە و ڕەفتاری جەماوەرە یان چین و توێژێكی كۆمەڵگە، سەبارەت بە پرس و بابەتێكی دیاریكراو و لەكاتێكی دیاریكراودا و، بەپێی پلانێكی پێشوەختە، دەشێ بابەتەكە كۆمەڵایەتی یان ئایدیۆلۆژی یاخود سیاسی و ...هتد بێت.(الدلیمی،٢٠٠٥، ص٥٥)

هەندێكی تر ڕایان وایە چالاكییەكی پەیوەندییكردنە، بەشێوەیەكی ڕێكخراو و پلاندار و بەپێی بەدواداچوون و هەڵسەنگاندن، كە دامەزراوەكانی ڕاگەیاندن و گرووپ و ڕێكخراوەكانی كۆمەڵی مەدەنی ئەنجامی دەدەن لەكاتێكی دیاریكراودا و لەپێناوی گەیشتن بەئامانجێكی دیاریكراودا. (حداد، ١٩٩٥، ص٣٥)

* ئامانجەكانی هەڵمەتی ڕاگەیاندن:

لەگرنگترین ئامانجەكانی هەڵمەتی ڕاگەیاندن بریتیین لەم خاڵانەی لای خوارەوە: (عبیدات، ٢٠٠٤، ص١٧)

١-پێدانی زانیاری بەجەماوەر سەبارەت بەپرس و بابەتێكی دیاریكراو، كە پەیوەست بێت بەژیان و چارەنووسیانەوە.

٢-درووستكردنی كاریگەری لەسەر هەڵوێست و بیروبۆچوون و ئاراستەی جەماوەری بەئامانجكراو بەشێوەیەك خزمەتی بەرژەوەندی گشتی و سیاسەتی گشتی دەوڵەت و حكومەتێكی دیاریكراو بكات.

٣- باوەڕپێهێنانی جەماوەر بەئەنجامدانی گۆڕانكاری بەشێوەی قۆناغبەندی لەهەڵوێست و ڕەفتاریاندا سەبارەت بەپرسە سیاسی، ئابووری، كۆمەڵایەتی، پەروەردەیی، ژینگەیی و تەندروستی و ...هتد.

٤-هەوڵدان بۆ گۆڕینی بیروبۆچوون و هەڵوێستی كۆمەڵگە لەسەر پرس و بابەتە جەماوەرییەكان بەتایبەت لەكاتی جەنگ و قەیران و كێشە و ناكۆكییەكاندا بەمەبەستی چارەسەركردنیان و لەڕێگەی بەشداری پێكردنیان.

هەندێكی تر لەپسپۆڕان و شارەزیان ئەرك و ئامانجەكانی هەڵمەتی ڕاگەیاندن بەم جۆرەی لای خوارەوە پۆلێن دەكەن : (الدلیمی، ٢٠٠٤، ص٥)

١- هوشیاری (الوعی) (Awareness).

٢- گۆڕینی ئاراستە و بیروبۆچوون (الإتجاه) (Attitude or trends)

٣- گۆڕینی ڕەفتاری تاک (السلوک) (Behavior) .

سەبارەت بەهەنگاوەکانی ئەنجامدانی پلانی هەڵمەتی ڕاگەیاندن بریتیین لەم هەنگاو و قۆناغانەی لای خوارەوە: (ابوعرقوب، ٢٠٠٥، ص٢١٥-٢١٦)

١-دەستنیشانکردنی بابەتی هەڵمەتەکە.

٢-دەستنیشانکردنی ئامانجی هەڵمەتەکە.

٣-دەستنیشانکردنی جەماوەری بەئامانجکراوی هەڵمەتەکە.

٤-دەستنیشانکردنی فاکتەر و هۆکارە کاریگەرەکان لەسەر هەڵمەتەکە.

٥-دەستنیشانکردنی بودجەی تەرخانکراو بۆ ئەنجامدانی هەڵمەتەکە.

٦-دەستنیشانکردنی پەیامی هەڵمەتەکە.

٧-دەستنیشانکردنی ئامراز و هۆیەکانی ڕاگەیاندن بۆ گەیاندنی پەیامەکە بەجەماوەر.

٨-دانانی ژووری ئۆپەراسیۆنی هەڵمەتەکە و تیم و ستافی تایبەت و شوێنی گونجاو بۆیان.

٩-دەستنیشانکردنی بەرنامە و تەکتیک و ستراتیژی ئەنجامدانی هەڵمەتەکە.

١٠-دەستنیشانکردنی وادەی ئەنجامدان و بەڕێوەچوونی هەڵمەتەکە.

١١-جێبەجێکردنی هەڵمەتەکە و لەنزیکەوە چاوێریکردنی.

١٢- بەدواداچوون (المتابعە) و هەڵسەنگاندن (التقویم Evaluation) ی هەڵمەتەکە.

٣/٢: بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا لەجیهان و هەرێمی کوردستاندا:

ڤایرۆسەکانی کۆرۆنا خێزانێکی گەورەی ڤایرۆسن، کە دەبنە هۆی نەخۆشخستنی مرۆڤ و ئاژەڵ. ئەوان ناسراون بە هۆکاری هەڵامەت (ئەنفلۆنزا) هەروەک ڤایرۆسی کۆرۆنا (کۆڤید ١٩) دەبێتە هۆکاری نەخۆشی گران و هەوکردنی سییەکان و تەنانەت مردن. لەجۆرەکانی تری نەخۆشییە درمییەکان، کە بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە بڵاوبوونەوە پەتای (سارس)، کە سەرەتا لەوڵاتی چینەوە لەنێوان ساڵانی (٢٠٠٢-٢٠٠٣)دا تەشەنەی سەند.

هەروەها پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا جۆری (مێرس) لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەساڵی ٢٠١٢ دا کەمتر تەشەنەیان کرد (وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پەتای کۆڤید ١٩ چییە؟ www.mohkrg-، لەڕۆژی ٢٠٢٠/٥/٣٠)

بەپێی ئاماری ڕاگەیەنراوی وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان لەڕۆژی ٢٠٢٠/٨/٢٧دا ٤١١ کەس لەشار و ناوچەکانی هەرێم تەنیا لەو ڕۆژەدا تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا (کۆڤید ١٩) بوون و، لەو ژمارە (١١) هاوڵاتی گیانیان لەدەستداوە.

هەروەها بەپێی ئاماری فەرمی ئەو وەزارەتە تاوەکو ئێستا لەهەرێم (٢٦٨٠١) کەس تووشی ڤایرۆسی پەتاکە بوون. (١٦٢٤٣) هاوڵاتی چاکبوونەتەوە و، (٩٨١) هاوڵاتی تر لەسەرجەم شار و شارۆچکە و ناوچە و گوندەکانی هەرێمی کوردستاندا گیانیان لەدەستداوە. ( وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان. www.mohkrg ئاماری فەرمی بڵاوکراوەی لەڕۆژی ٢٠٢٠/٨/٢٧).

٣- پراکتیکنامە :

یەکەم/ زانیاری کەسیی بەرتوێژان:

خشتەی ژمارە (١)

دووبارە و ڕێژەی سەدی ڕەگەزی بەرتوێژان دەردەخات

| ڕەگەز | دووبارە | ڕێژە ٪ |
|---|---|---|
| نێر | ٣٠٣ | ٦٠.٦ |
| مێ | ١٩٧ | ٣٩.٤ |
| سەرجەم | ٥٠٠ | ١٠٠٪ |

بەپێی خشتەی ژمارە (١)ی سەرەوە، کە تایبەتە بە جۆری ڕەگەزی بەشدار وەکو سامپڵی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە. ڕەگەزی نێر بەپلەی یەکەم و بەدووبارەی ٣٠٣ کەس و بەڕێژەی ٦٠,٦٪ دێت و، ڕەگەزی مێ بەپلەی دووەم و بەدووبارەی ١٩٧ کەس و بەڕێژەی ٣٩,٤٪ دێت.

خشتەی ژمارە (٢)

دووبارە و ڕێژەی سەدی تەمەنی بەرتوێژان دەردەخات

| تەمەن | دووبارە | ڕێژە ٪ |
|---|---|---|
| ١٨ -٢٥ ساڵ | ١٥٠ | ٣٠٪ |
| ٢٦ -٣٥ ساڵ | ١٣٣ | ٢٦.٦٪ |
| ٣٦-٤٥ ساڵ | ١١٧ | ٢٣.٤٪ |
| ٤٦-٥٥ ساڵ | ٧٦ | ١٥.٢٪ |
| ٥٥ ساڵ سەرووتر | ٢٤ | ٤.٨٪ |
| سەرجەم | ٥٠٠ | ١٠٠٪ |

بەپێی خشتەی ژمارە (٢) کە تایبەتە بەتەمەنی بەرتوێژانی توێژینەوەکە، تەمەنی نێوان ١٨ -٢٥ ساڵ بەپلەی یەکەم و بەدووبارەی ١٥٠ کەس و بەڕێژەی ٣٠٪ دێت. هەروەها تەمەنی نێوان ٢٦ -٣٥ ساڵ بەپلەی دووەم و بەدووبارەی ١٣٣ کەس و بەڕێژەی ٢٦,٦٪ دێت، بەڵام تەمەنی نێوان ٣٦-٤٥ ساڵ بەپلەی سێیەم و بەدووبارەی ١١٧ کەس و بەڕێژەی ٢٣,٤٪ دێت. تەمەنی نێوان ٤٦-٥٥ ساڵیش بەپلەی چوارەم و بەدووبارەی ٧٦ کەس و بەڕێژەی ١٥,٢٪ دێت. هەرچی تەمەنی سەرووی ٥٥ ساڵیشە بەپلەی پێنجەم و کۆتایی و بەدووبارەی ٢٤ کەس و بەڕێژەی ٤,٨٪ دێت.

خشتەی ژمارە (٣)

دووبارە و ڕێژەی سەدی جۆری پیشەی بەرتوێژان دەردەخات

| پیشە | دووبارە | % |
|---|---|---|
| خوێندکار | ٩٥ | ١٩٪ |
| مامۆستا | ٨٨ | ١٧.٦٪ |
| فەرمانبەر | ١٠٤ | ٢٠.٨٪ |
| کاسب | ٢١٣ | ٤٢.٦٪ |
| سەرجەم | ٥٠٠ | ١٠٠٪ |

سەبارەت بە پیشەی بەرتوێژان، کە خشتەی ژمارە (٣)ی بۆ تەرخانکراوە، زۆرینەیان پیشەیان کاسب بووە، کە بەپلەی یەکەم و بەدووبارەی ٢١٣ کەس و بەڕێژەی ٤٢,٦٪ دێن. هەروەها فەرمانبەران بەپلەی دووەم و بەدووبارەی ١٠٤ کەس و بەڕێژەی ٢٠,٨٪ دێت، بەڵام خوێندکاران بەپلەی سێیەم و بەدووبارەی ٩٥ کەس و بەڕێژەی ١٩٪ دێت. هەرچی مامۆستایانیشە بەپلەی چوارەم و کۆتایی و دووبارەی ٨٨ کەس و ڕێژەی ١٧,٦٪ دێن.

خشتەی ژمارە (٤)

دووبارە و ڕێژەی سەدی ئاستی بڕوانامەی بەرتوێژان دەردەخات

| بڕوانامە | دووبارە | % |
|---|---|---|
| بنەڕەتی | ٢٠٧ | ٤١.٤٪ |
| ناوەندی | ٨٤ | ١٦.٨٪ |
| ئامادەیی | ٧٥ | ١٥٪ |
| دبلۆم | ٤٩ | ٩.٨٪ |
| بەکالۆریۆس | ٧٠ | ١٤٪ |
| ماستەر | ١٠ | ٢٪ |
| دکتۆرا | ٥ | ١٪ |
| سەرجەم | ٥٠٠ | ١٠٠٪ |

سەبارەت بەئاستی خوێندنی بەرتوێژان، کە خشتەی ژمارە (٤)ی بۆ تەرخانکراوە. بەپلەی یەکەم ئاستی بڕوانامەی بەرتوێژان بنەڕەتییە، کە بەدووبارەی ٢٠٧ کەس و ڕێژەی ٤١,٤٪ دێن. هەروەها بڕوانامەی دووەمی بەرتوێژان ناوەندییە، کە بەپلەی دووەم و دووبارەی ٨٤ کەس و ڕێژەی ١٦,٨٪ دێن. بڕوانامەی ئامادەییش بەپلەی سێیەم و دووبارەی ٧٥ کەس و ڕێژەی ١٥٪ ی بەرتوێژان دێن. بڕوانامەی بەکالۆریۆس بەپلەی چوارەم و دووبارەی ٧٠ کەس و

ڕێـژەی ١٤٪ ی بەرتوێـژان دێـن. هەرچـی بڕوانامـەی دبلۆمیشـە بەپلـەی پێنجـەم و دووبـارەی ٤٩ کـەس و ڕێـژەی ٩,٨٪ ی بەرتوێـژان دێـن، بـەڵام هەڵگرانی بڕوانامـەی بـاڵا (ماسـتەر و دکتـۆرا) بـە پلـە و ڕێژەی کەمینـە بـەراورد لەگـەڵ بڕوانامـەکانی پێشـوودا دێـن، کـە کـۆی هەردووکیـان تەنیـا ١٥ کەسـن و ڕێـژەی ٣٪ پێکدێنـن، لـەم ڕێژەیـەش بڕوانامـەی ماسـتەر بەپلـەی شەشـەم و دووبـارەی ١٠ کـەس و ڕێـژەی تەنیـا ٢٪ دێـن. هەرچـی هەڵگـرانی بڕوانامـەی دکتۆراشـە بەپلـەی حەوتـەم و کۆتایـی، کـە بەدووبـارەی ٥ کـەس و تەنیـا ڕێـژەی ١٪ ی بەرتوێـژان دێـن.

خشتەی ژمارە (٥)

دووبارە و ڕێژەی سەدی شوێنی نیشتەجێبوونی بەرتوێژان دەردەخات

| شوێنی نیشتەجێبوون | دووبارە | % |
|---|---|---|
| ناوەندی پارێزگا | ٢٠٩ | ٤١.٨٪ |
| قەزا | ١١٢ | ٢٢.٤٪ |
| ناحیە | ١٧٩ | ٣٥.٨٪ |
| سەرجەم | ٥٠٠ | ١٠٠٪ |

بەپێـی ئەنجامـی خشـتەی (٥)، کـە تایبەتـە بەشـوێنی نیشـتەجێبوونی بەرتوێـژان. زۆرینـەی دانیشـتووانی سـامپڵە وەرگیـراوەکانی کۆمەڵگـەی توێژینەوەکـە خەڵکـی ناوەنـدی پارێـزگای سـلێمانین، کـە بەپلـەی یەکـەم و بەدووبـارەی ٢٠٩ کـەس و ڕێـژەی ٤١,٨٪ دێـن. دواتـر بەرتوێـژان لەدانیشـتووانی ناحیـەکانی دەوروبـەری پارێـزگای سـلێمانین، کـە بەپلـەی دووەم و دووبـارەی ١٧٩ کـەس و ڕێـژەی ٣٥,٨٪ دێـن، بـەڵام بەپلـەی سـێیەم و کۆتایـی بەرتوێـژانی وەگیـراو لەکۆمەڵگـەی توێژەکـە لەدانیشـتووانی قـەزاکانی سـەر بەپارێزگاکـەن، کـە بەدووبـارەی ١١٢ کـەس و ڕێـژەی ٢٢,٤٪ دێـن.

خشتەی ژمارە (٦)

ڕادەی زانیاریی بەرتوێژان لەسەر پەتای کۆرۆنا (کۆڤید ١٩) دەردەخات

| ڕادەی زانیاری | ژمارە | % | پلە |
|---|---|---|---|
| زۆر | ٢٣ | ٤.٦ | چوارەم |
| مامناوەند | ٣٠٨ | ٦١.٦ | یەکەم |
| تارادەیەک | ١٢٣ | ٢٤.٦ | دووەم |
| کەم | ٤٦ | ٩.٢ | سێیەم |
| هیچ | - | - | - |
| سەرجەم | ٥٠٠ | ١٠٠٪ | - |

سەبارەت بە ڕادەی زانیاریی بەرتوێژان لەسەر پەتای کۆرۆنا (کۆڤید ١٩)، بەپێی وەڵامەکانیان کە لەخشتەی ژمارە (٦)دا ڕوونکراوەتەوە. زۆرینەیان بە ئاستی (مامناوەند) لەڕووی زانیارییەوە لەسەر پەتاکە وەڵامیان داوەتەوە، کە بەپلەی یەکەم و بەدووبارەی ٣٠٨ کەس و ڕێژەی ٦١,٦٪ دێن. هەروەها وەڵامی (تاڕادەیەک) بەپلەی دووەم و بەدووبارەی ١٢٣ کەس و ڕێژەی ٢٤,٦٪ هاتووە، بەڵام وەڵامی (کەم) بەپلەی سێیەم و بەدووبارەی ٤٦ کەس و ڕێژەی ٩,٢٪ هاتووە. هەرچی وەڵامی (زۆر)یشە بەپلەی چوارەم و کۆتایی بەدووبارەی ٢٣ کەس و تەنیا ڕێژەی ٤,٦٪ کۆی بەرتوێژانی پێکهێناوە.

خشتەی ژمارە (٧)

سەرچاوەی زانیاریی بەرتوێژان لەسەر پەتای کۆرۆنا (کۆڤید ١٩) دەردەخات

| جۆری سەرچاوەی زانیاری | ژمارە | % | پلە |
|---|---|---|---|
| کەناڵەکانی ڕاگەیاندن | ٢٩٢ | ٥٨.٤ | یەکەم |
| تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان | ١٢٤ | ٢٤.٨ | دووەم |
| خێزان | ٥٤ | ١٠.٨ | سێیەم |
| هاوڕێ | ١٣ | ٢.٦ | پێنجەم |
| کتێب و سەرچاوە | ١٧ | ٣.٤ | چوارەم |
| سەرجەم | ٥٠٠ | ١٠٠٪ | - |

سەرچاوەی زانیاریی بەرتوێژان لەسەر پەتای کۆرۆنا (کۆڤید ١٩) هەروەک لەخشتەی ژمارە (٧)دا ڕوونکراوەتەوە. زۆرینەی بەرتوێژان ڕایان وایە، کە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن سەرچاوەیەکی باشی پێدانی زانیاری بوون، سەبارەت بەهوشیارکردنەوەیان لەسەر پەتاکە و خۆپاراستنیان لێی، کە بە پلەی یەکەم و دووبارەی ٢٩٢ کەس و ڕێژەی ٥٨,٤٪ دێت. هەروەها تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش وەکو سەرچاوەی دووەمی پێدان و پەخشی زانیاری لەسەر پەتاکە دێن لەلایەن بەرتوێژانەوە،

کە بە پلەی دووەم و دووبارەی ١٢٤ کەس و ڕێژەی ٢٤,٨٪ دێت، بەڵام ئەندامانی خێزان وەکو سەرچاوەی سێیەمی پێدانی زانیاری بەبەرتوێژان بەپلەی سێیەم و دووبارەی ٥٤ کەس و ڕێژەی ١٠,٨٪ دێت. خوێندنەوەی کتێب و سەرچاوەی زانستیش لەسەر پەتاکە بەمەبەستی هوشیاری و شارەزابوون لەسەری و خۆپاراستن لێی بەپلەی چوارەم و دووبارەی ١٧ کەس و ڕێژەی ٣,٤٪ دێت. هەرچی هاوڕێشە بەپلەی پێنجەم و کۆتایی و دووبارەی ١٣ کەس و ڕێژەی ٢,٦٪ دێت.

خشتەی ژمارە (٨)

ڕادەی تەماشاکردنی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لەلایەن بەرتوێژانەوە دەردەخات

| ڕادەی تەماشاکردنی کەناڵ | دووبارە | % |
|---|---|---|
| زۆر | ١٤٦ | ٢٩.٢ |
| تاڕادەیەک | ٢٤٥ | ٤٩ |
| کەم | ١٠٩ | ٢١.٨ |
| سەرجەم | ٥٠٠ | ١٠٠٪ |
| | | |

سەبارەت ڕادەی تەماشاکردنی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لەلایەن بەرتوێژانەوە، کە لە خشتەی ژمارە (٨)دا ڕوونکراوەتەوە. وەڵامی (تاڕادەیەک) بە پلەی یەکەم و دووبارەی ٢٤٥ کەس و ڕێژەی ٤٩٪ دێت. هەروەها وەڵامی (زۆر) بە پلەی دووەم و دووبارەی ١٤٦ کەس و ڕێژەی ٢٩,٢٪ دێت، بەڵام وەڵامی (کەم) بە پلەی سێیەم و کۆتایی و دووبارەی ١٠٩ کەس و ڕێژەی ٢١,٨٪ دێت.

خشتەی ژمارە (٩)

ئامانجەکانی تەماشاکردنی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لەلایەن بەرتوێژانەوە لەسەر پەتای کۆرۆنا (کۆڤید ١٩) دەردەخات

| ئامانجی تەماشاکردنی کەناڵ | ژمارە | % | پلە |
|---|---|---|---|
| وەرگرتنی زانیاری لەسەر پەتاکە | ١٠٩ | ٢١.٨ | سێیەم |
| هوشیاری و خۆپاراستن لەپەتاکە | ٢٣٧ | ٤٧.٤ | یەکەم |
| زانینی دوائاماری تووشبووان و قوربانیانی پەتاکە | ١١٤ | ٢٢.٨ | دووەم |
| زانینی ژمارەی چاکبووان و ئومێدی ڕزگاربوون لەپەتاکە | ٤٠ | ٨ | چوارەم |
| سەرجەم | ٥٠٠ | ١٠٠٪ | - |

سەبارەت ئامانجی تەماشاکردنی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لەلایەن بەرتوێژانەوە، کە لە خشتەی ژمارە (٩)دا ڕوونکراوەتەوە. ئامانجی (هوشیاری و خۆپاراستن لەپەتاکە) بە پلەی یەکەم و دووبارەی ٢٣٧ کەس و ڕێژەی ٤٧,٤٪ دێت. هەروەها ئامانجی (زانینی دوائاماری تووشبووان و قوربانیانی پەتاکە) بە پلەی دووەم و دووبارەی ١١٤ کەس و ڕێژەی ٢٢,٨٪ دێت، بەڵام ئامانجی (وەرگرتنی زانیاری لەسەر پەتاکە) بە پلەی سێیەم و کۆتایی و دووبارەی ١٠٩ کەس و ڕێژەی ٢١,٨٪ دێت. هەرچی ئامانجی (زانینی ژمارەی چاکبووان و ئومێدی ڕزگاربوون لەپەتاکە) پلەی چوارەم و کۆتایی و دووبارەی ٤٠ کەس و بەڕێژەی تەنیا ٨٪ دێت.

خشتەی ژمارە (١٠)

متمانەی بەرتوێژان بە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن وەکو سەرچاوەی هەواڵ و زانیاری لەسەر پەتای کۆرۆنا (کۆڤید ١٩) دەردەخات

| وەڵامی بەرتوێژان | دووبارە | % |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٢٢٧ | ٤٥.٤ |
| نەخێر | ٢٧٣ | ٥٤.٦ |
| | | |
| سەرجەم | ٥٠٠ | ١٠٠٪ |

بەپێی خشتەی ژمارە (١٠)ی سەرەوە، کە تایبەتە بەوەڵامی بەرتوێژان سەبارەت بەڕادەی متمانەی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان بە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن وەکو سەرچاوەی هەواڵ و زانیاری لەسەر پەتای کۆرۆنا (کۆڤید ١٩). بەپلەی یەکەم و بەدووبارەی ٢٧٣ کەس و ڕێژەی ٥٤,٦٪ متمانەیان لەمڕووەوە بەو کەناڵەکانی ڕاگەیاندن نەبووە. لەبەرامبەردا هەندێکی تر لەبەرتوێژان ڕایان پێچەوانەیە بە بەڵێ، کە بەپلەی دووەم و دووبارەی ٢٢٧ کەس و ڕێژەی ٤٥,٤٪ دێن.

خشتەی ژمارە (١١)

جۆری کەناڵەکانی ڕاگەیاندن وەکو سەرچاوەی هەواڵ و زانیاری لەسەر پەتای کۆرۆنا (کۆڤید ١٩) لەلایەن بەرتوێژانەوە دەردەخات

| جۆری کەناڵەکانی ڕاگەیاندن | ژمارە | % | پلە |
|---|---|---|---|
| کەناڵە ئاسمانییەکان | ٣٣٤ | ٦٦.٨ | یەکەم |
| کەناڵە تەلەفزیۆنییە ناوخۆییەکان | ٢٢ | ٤.٤ | چوارەم |
| ئێزگەکان | ١٣ | ٢.٦ | پێنجەم |
| سایتە ئەلکترۆنییە ئەهلییەکان | ٢٨ | ٥.٦ | سێیەم |
| سایتی فەرمی وەزارەتی تەندروستی هەرێم | ٨ | ١.٦ | شەشەم |
| ڕۆژنامە و گۆڤارەکان | ٦ | ١.٢ | حەوتەم |
| تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان | ٨٩ | ١٧.٨ | دووەم |
| سەرجەم | ٥٠٠ | ١٠٠٪ | - |

سەبارەت بەزانینی جۆری کەناڵەکانی ڕاگەیاندن وەکو سەرچاوەی پێدانی هەواڵ و زانیاری لەسەر پەتای کۆرۆنا (کۆڤید ١٩) لەلایەن بەرتوێژانەوە، هەروەک لەخشتەی ژمارە (١١)دا خراوەتەڕوو.

كەناڵە ئاسمانییەكان وەكو یەكەم سەرچاوە هاتووە، كە بەپلەی یەكەم و دووبارەی ٣٣٤ كەس و ڕێژەی ٦٦,٨٪ دێن. دواتر تۆڕەكۆمەڵایەتییەكان بەپلەی دووەم و دووبارەی ٨٩ كەس و ڕێژەی ١٧,٨٪ دێن. هەروەها سایتە ئەلكترۆنییە ئەهلییەكان بەپلەی سێیەم و دووبارەی ٥,٦ كەس و ڕێژەی ٥,٦٪ دێت. كەناڵە تەلەفزیۆنییە ناوخۆییەكانیش بەپلەی چوارەم و دووبارەی ٢٢ كەس و ڕێژەی ٤,٤٪ دێن. ئێزگەكانیش بەپلەی پێنجەم و دووبارەی ١٣ كەس و ڕێژەی ٢,٦٪ دێن. سایتی فەرمی وەزارەتی تەندروستی هەرێمیش بەپلەی شەشەم و دووبارەی ٨ كەس و ڕێژەی ١,٦٪ دێت. ڕۆژنامە و گۆڤارەكانیش بەپلەی حەوتەم و كۆتایی و دووبارەی ٦ كەس و ڕێژەی ١,٢٪ دێن.

خشتەی ژمارە (١٢)

جۆری ژانری ڕاگەیاندنی تەماشاكراو لەلایەن بەرتوێژانەوە لەسەر پەتای كۆرۆنا (كۆڤید ١٩) دەردەخات

| جۆری ژانری ڕاگەیاندن | ژمارە | % | پلە |
|---|---|---|---|
| هەواڵ | ٢٩٠ | ٥٨ | یەكەم |
| وتار | ٣٧ | ٧.٤ | پێنجەم |
| ڕیكلام | ٥١ | ١٠.٢ | سێیەم |
| چاوپێكەوتن و دیدار | ٤٧ | ٩.٤ | چوارەم |
| ڕیپۆرتاژ | ١٢ | ٢.٤ | شەشەم |
| كۆنفراسی ڕۆژنامەوانی | ٦٣ | ١٢.٦ | دووەم |
| سەرجەم | ٥٠٠ | ١٠٠٪ | - |

سەبارەت بەزانینی جۆری هونەر (ژانر)ی ڕاگەیاندنی تەماشاكراو لەلایەن بەرتوێژانەوە لەسەر پەتای كۆرۆنا لەلایەن بەرتوێژانەوە، هەروەكو لەخشتەی ژمارە (١٢) دا خراوەتەڕوو. ژانری هەواڵ بەپلەی یەكەم و دووبارەی ٢٩٠ و ڕێژەی ٥٨٪ دێت. دواتر كۆنفراسی ڕۆژنامەوانی بەپلەی دووەم و دووبارەی ٦٣ و ڕێژەی ١٢,٦٪ دێت. هەروەها ڕیكلام بەپلەی سێیەم و دووبارەی ٥١ و ڕێژەی ١٠,٢٪ دێت. هونەری چاوپێكەوتن و دیداریش بەپلەی چوارەم و دووبارەی ٤٧ و ڕێژەی ٩,٤٪ دێت. وتاریش بەپلەی پێنجەم و دووبارەی ٣٧ و ڕێژەی ٧,٤٪ دێت. ڕیپۆرتاژیش بەپلەی شەشەم و كۆتایی و دووبارەی ١٢ و تەنیا ڕێژەی ٢,٤٪ دێت.

خشتەی ژمارە (١٣)

وەڵامی بەرتوێژان سەبارەت بە بوونی پلانی ڕاگەیاندنی کوردی لەسەر پەتای کۆرۆنا (کۆڤید ١٩) دەردەخات

| وەڵامی بەرتوێژان | دووبارە | % |
|---|---|---|
| بەڵێ | ١٧٨ | ٣٥.٦ |
| نەخێر | ٣٢٢ | ٦٤.٤ |
| | | |
| سەرجەم | ٥٠٠ | ١٠٠٪ |

سەبارەت بەبوونی پلانی پێشوەخت لەلایەن دامەزراوەکانی ڕاگەیاندنەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی پەتای کۆرۆنا (کۆڤید ١٩) لەهەرێمی کوردستاندا، کە لەخشتەی ژمارە (١٣)دا خراوەتەڕوو. زۆرینەی بەرتوێژان ڕایان وایە، کە دامەزراوە و کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی پلانی ڕاگەیاندنی پێشوەختەیان لەمڕووەوە نەبووە، کە بەپلەی یەکەم و بەدووبارەی ٣٢٢ کەس و ڕێژەی ٦٤,٤٪ دێن.
لەبەرامبەردا هەندێکی تر لەبەرتوێژان ڕایان پێچەوانەیە بە بەڵێ، کە بەپلەی دووەم و دووبارەی ١٧٨ کەس و ڕێژەی ٣٥,٦٪ دێن.

خشتەی ژمارە (١٤)

ڕەچاوکردنی لایەنی دەروونی بەرتوێژان لەلایەن کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە لەکاتی بلاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا (کۆڤید ١٩) دەردەخات

| وەڵامی بەرتوێژان | دووبارە | % |
|---|---|---|
| بەڵێ | ١٦٤ | ٣٢.٨ |
| نەخێر | ٣٣٦ | ٦٧.٢ |
| | | |
| سەرجەم | ٥٠٠ | ١٠٠٪ |

سەبارەت بە ڕادەی ڕەچاوکردنی لایەنی دەروونی بەرتوێژان لەلایەن کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە لەکاتی بلاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا (کۆڤید ١٩) لەهەرێمی کوردستاندا، کەلەخشتەی ژمارە (١٤)دا خراوەتەڕوو، زۆریەنەیان ڕا و بۆچوونیان وایە، کە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لەکاتی ڕووماڵکردنی هەواڵەکان و گواستنەوەی ئاماری تووشبوان و قوربیانیانی پەتاکەدا ڕەچاوی لایەنی دەروونی هاوڵاتیانیان نەکردووە، کە بەپلەی یەکەم و بەدووبارەی ٣٣٦ کەس و ڕێژەی ٦٧,٢٪ دێن.
لەبەرامبەردا هەندێکی تری بەرتوێژان لەمڕووەوە ڕا و بۆچوونیان پێچەوانەیە، کە بەپلەی دووەم و بەدووبارەی ١٦٤ کەس و ڕێژەی ٣٢,٨٪ دێن.

خشتەی ژمارە (١٥)

ڕۆڵی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لەبەرەنگاربوونەوەی پەتای کۆرۆنا (کۆڤید ١٩)دا دەردەخات

| ڕۆڵی کەناڵی ڕاگەیاندن | دووبارە | % |
|---|---|---|
| زۆر | ١٥٤ | ٣٠.٨ |
| تارادەیەک | ٢٥٧ | ٥١.٤ |
| کەم | ٨٩ | ١٧.٨ |
| سەرجەم | ٥٠٠ | ١٠٠٪ |

بەپێی خشتەی ژمارە (١٥)، کە تایبەتە بە دەستنیشانکردنی ڕۆڵی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لەبەرەنگاربوونەوەی پەتای کۆرۆنا (کۆڤید ١٩) لەهەرێمی کوردستان، نیوەی بەرتوێژان ڕاوبۆچوونیان وایە، کە (تارادەیەک) کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ڕۆڵیان لەبەرنگاربوونەوەی پەتاکەدا هەبووە، کە بەپلەی یەکەم و دووبارەی ٢٥٧ کەس و ڕێژەی ٥١,٤٪ دێت. لەبەرامبەردا بەپلەی دووەم وەڵامی (زۆر) دێت، کە دووبارەی ١٥٤ کەسە و ڕێژەی ٣٠,٨٪ دێت، بەڵام تەنیا ٨٩ کەس لەبەرتوێژان پێیان وایە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لەمڕووەوە ڕۆڵیان (کەم) بووە ، کە پلەی سێیەم و کۆتایی و بەڕێژەی ١٧,٨٪ دێن.

خشتەی ژمارە (١٦)

هەماهەنگی نێوان کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و وەزارەتە پەیوەندیدارەکان لەبەرەنگاربوونەوەی پەتای کۆرۆنا (کۆڤید ١٩)دا دەردەخات

| ڕادەی هەماهەنگی و هاوکاری | دووبارە | % |
|---|---|---|
| زۆر | ١٧٠ | ٣٤ |
| تارادەیەک | ٣٠٣ | ٦٠.٦ |
| کەم | ٢٧ | ٥.٤ |
| سەرجەم | ٥٠٠ | ١٠٠٪ |

سەبارەت بە ڕادەی هەماهەنگی نێوان کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبەرەنگاربوونەوەی پەتای کۆرۆنادا، کە لەخشتەی ژمارە (١٦)دا خراوەتەڕوو. زۆرینەی بەرتوێژان ڕاوبۆچوونیان وایە، کە (تارادەیەک) هەماهەنگی لەنێوان هەردوولادا هەبووە، کە بەپلەی یەکەم و دووبارەی ٣٠٣ کەس و ڕێژەی ٦,٦٠٪ دێت. لەبەرامبەردا بەپلەی دووەم وەڵامی (زۆر) دێت، کە دووبارەی ١٧٠ کەسە و ڕێژەی ٣٤٪ دێت، بەڵام تەنیا ٢٧ کەس لە بەرتوێژان پێیان وایە هەماهەنگی (کەم) هەبووە لەنێوان هەردوولادا، کە پلەی سێیەم و کۆتایی و کەمینەی بەرتوێژانن و بەڕێژەی ٥,٤٪ پێکدەهێنن.

خشتەی ژمارە (١٧)

هەستکردن بە بەرپرسیارەتی کۆمەڵایەتیی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لەبەرەنگاربوونەوەی پەتای کۆرۆنا (کۆڤید ١٩) لەهەرێمی کوردستاندا دەردەخات

| بەرپرسیاریەتی ڕاگەیاندن | دووبارە | % |
|---|---|---|
| بەڵێ | ١٨٣ | ٣٦.٦ |
| نەخێر | ٣١٧ | ٦٣.٤ |
| | | |
| سەرجەم | ٥٠٠ | ١٠٠٪ |

بەپێی وەڵامی بەتوێژان سەبارەت بە ڕادەی هەستکردنی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بە بەرپرسیارەتی کۆمەڵایەتیی لەبەرەنگاربوونەوەی پەتای کۆرۆنا (کۆڤید ١٩) لەهەرێمی کوردستاندا، کە لە خشتەی ژمارە (١٧)دا خراوەتەڕوو ، بەپلەی یەکەم وەڵامیان بە (نەخێر) بووە، کە دووبارەی ٣١٧ کەسە و بەرێژەی ٦٣,٤٪ ی سامپڵەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکدەهێنن. لەبەرامبەردا ڕێژەی ٣٦,٦٪ ی وەڵامی بەرتوێژان (بەڵێ)یە، کە بەپلەی دووەم و دووبارەی ١٨٣ کەس دێن.

## - دەرەنجام:

١- زۆرینـەی بەرتوێـژان ڕا و بۆچوونیـان وایـە، کـە کەنـاڵ و دامـەزراوەکانی ڕاگەیانـدن لەهەرێمـی کوردسـتان ڕۆڵیـان هەبـووە لەئاگادارکردنـەوەی هاوڵاتیـان لەمەترسـییەکانی بلاوبوونـەوەی پەتـای کۆرۆنـا (کۆڤیـد ١٩).

٢- هەماهەنگـی لەنێـوان کەنـاڵ و دامـەزراوەکانی ڕاگەیانـدن و وەزارەتی تەندروسـتی و وەزارە پەیوەندیـدارەکانی تـردا هەبـووە بـۆ ئاگادارکردنـەوەی هاوڵاتیـان و هەوڵـدان بـۆ خۆپاریـزی و دواتـر کۆنترۆڵکـردنی پەتاکـە .

٣- پـلانی پێشـوەختی ڕاگەیانـدن نەبـووە لـەڕووی چۆنێتـی ڕووماڵکـردنی هـەواڵ و گواسـتنەوەی زانیارییـەکانی تایبـەت بەپەتـای کۆرۆنـا بـۆ هاوڵاتیـان.

٤- زۆرینـەی بەرتوێـژان ڕایـان وایـە، کـە هـەواڵ و زانیارییـەکانی کەنـاڵ و دامـەزراوەکانی ڕاگەیانـدن، تایبـەت بەبڵاوکردنـەوەی ئامـاری قوربانیـان و تووشـبووانی پەتاکـە لەهەرێمـی کوردسـتان ڕاسـت و درووسـت و ورد و جێـی متمانـەی جەمـاوەر نەبـوون.

٥- کەنـاڵ و دامـەزراوەکانی ڕاگەیانـدن لەمـاوەی بڵاوبوونـەوەی پەتـای کۆرۆنـا بەگیانێکـی هەسـتکردن بەربەرپرسـیارێتیی کۆمەڵایـەتی هـەواڵ و زانیارییەکانیـان بـۆ جەمـاوەر نەگواسـتۆتەوە. هەروەهـا لـەکاتی ڕووماڵکردنیـدا ڕەچـاوی لایـەنی دەروونی هاوڵاتیانیـان نەکـردووە.

## - پێشنیازەکان:

ئەنجامـدانی توێژینـەوەی زیاتـر لەلایـەن توێـژەران و ناوەنـدەکانی توێژینـەوەی زانسـتییەوە لەسـەر چەمکـی ڕاگەیانـدن و بەرپرسـیارێتی لەسـەر سـەرجەم ئـەو پرسـانەی تـر، کـە پەیوەندیـدار بەکۆمەڵگـە و بەرژەوەنـدی گشـتییەوە.

## - ڕاسپاردەکان:

١- چالاککردنی ستافی ڕاگەیاندن و تۆڕەکانی پەیوەندییکردنی جەماوەری لەنێوان وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێم لەگەڵ جەماوەر و بەهێزکردنی سایت و سۆشیاڵ میدیای وەزارەتەکان بەتایبەت وەزارەتی تەندروستی تاوەکو ڕاستەوخۆ هاوڵاتیان وەکو سەرچاوەی فەرمی و یەکەمی هەواڵ و زانیارییەکانیان لێوەربگرن.

٢- هاوڵاتیان هەوڵبدەن هەواڵ و زانیاری تەندروستی بەتایبەت لەسەر پەتای کۆرۆنا و پرسە تەندروستییە مەترسیدارەکانی تر ڕاستەوخۆ لەسەرچاوەی فەرمی وەزارەتی تەندروستی هەرێمەوە وەربگرن.

٣- بوونی هەماهەنگی زیاتر لەنێوان ڕۆژنامەنووسان و کەناڵ و دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن و وەزارەت و فەرمانگەکانی حکومەتی هەرێم لەڕووی پێدانی هەواڵ و ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری و پێدانی هەواڵ و ئامار و زانیاری وردی فەرمی بەڕۆژنامەنووسان بەتایبەت لەکاتی ڕوودانی کێشە و قەیرانەکاندا وەک: بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا لەنێو هاوڵاتیاندا.

٤- لەپێناوی بەدەستهێنانی ڕەزامەندی و متمانەی زیاتری جەماوەر، پێویستە کەناڵ و دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن هەوڵبدەن بەپلان کاربکەن و سیاسەت و ستراتیژی کارکردیان بەڕوونی دەستنیشان بکەن و، بەشێوەیەکی ورد و ڕوون و بابەتیانە هەواڵ و زانیارییەکانیان بۆ هاوڵاتیان بگوازنەوە.

## * خلاصه البحپ:

### المسؤوليه الإجتماعيه لمؤسسات الإعلاميه فى حمله مكافحه جائحه كورونا

ان هـژا البحپ تحت عنوان: (المسؤوليه الإجتماعيه لمؤسسات الإعلاميه فى حمله مكافحه جائحه كورونا). عباره عن بحپ وصفى من نوع المسحى. وكان سبب الرئيسى لإجراو هـژا البحپ المتعلقه بڤهور وانتشار هـژه الجائحه العالميه وكژلک انتشارها بشكل ملحوڤ فى اقليم كوردستان العراق. ومن اهميه البحپ الژى يتناول المسؤوليه الإجتماعيه لمؤسسات وقنوات الإعلاميه اپناو حدوپ ازمات صحيه. ومن اهم اهداف البحپ هو المحاوله لتحديد گبيعه ومستوى هـژه المسؤوليه من قبل مؤسسات وقنوات اعلاميه تجاه جمهورها.

*الكلمات المفتاحيه: المسؤوليه الإجتماعيه، المؤسسات الإعلاميه، كورونا (كوفيد ١٩)

## Social Responsibility of Media Organizations in the the Campaign of Confrontating in Kurdistan Region of Iraq ١٩-COVID

### Abstract

The Social responsibility in the Media Institutions in campaign of facing Covid١٩-

This research address: The Social responsibility in the Media Institutions in campaign of facing Covid١٩-disease. It is a descriptive research in a method of survey. The research was done in the middle of out breaking the disease in the world in Kurdistan region. The importance of the research is about The Social responsibility in the media Institutions in health crisis situation.

Aim to point out the nature and level of responsibilities of those Institutions and media channels at that time towards audience.

* Key Words :Social responsibility, Media Institutions, Covid١٩-

## - پەراوێز و سەرچاوەكان:

* هاوكێشەی هۆلستی: ان تحديد نسبه الپبات على وفق معادله (هولستى) يكون كالآتى:

٢(C٢*C١)/C٢ +R= C١

R: معامل الپبات.

C٢ ,C١ : عدد الفئات التى أتفق عليها الباحپ فى التحليل مرتين.

C٢ + C١ : مجموع عدد الفئات التى حللت فى المرتين.


١- ابـو عرقـوب، ابراهيـم (٢٠٠٥) الإتصـال الإنسـانى ودوره فـى التفاعـل الإجتماعـى، عـمان، الگبعـه الپانيـه، دار مجـدلاوى للنـشر والتوزيـع.

٢- عبيدات، محمد ابراهيم (٢٠٠٤) التسويق الإجتماعى، عمان، دار الوائل للنشر والتوزيع.

٣- كحيل، عبدالوهاب (١٩٨٧) الرأى العام والسياسات الإعلاميه، القاهره، الگبعه الپانيه، مگبعه مكتبه المدينه.

٤- بن روان، بلقاسم (٢٠٠٧) وسائل الإعلام والمجتمع..دراسات فى الّبعاد الإجتماعيه والمؤسساتيه، الجزائر، دار الخلدونيه.

٥- صالح، سليمان (١٩٩٥) ازمه حريه الصحافه فى النڤم الرأسماليه، القاهره، دار النشر للجامعات المصريه.

٦- عبدالحميد، محمد (٢٠٠٠) نڤريات الإعلام واتجاهات التأپير، القاهره، الگبعه الپانيه ، عالم الكتب.

٧- الشلبى، كرم (١٩٩٤) معجم المصگلحات الإعلاميه، بيروت، الگبعه الپانيه، مگبعه دار الجيل.

٨- حـداد، رافـد بگـرس سـعيد (١٩٩٥) الحمـلات الإعلاميـه فـى العـراق، اگروحـه دكتـوراه غيـر منشـوره، جامعـه بغـداد، كليـه الآداب/ قسـم الإعـلام.

٩- الدليمـى، حميـد جاعـد (ئ‌ژار ٢٠٠٥) الحمـلات الإعلاميه..التگـور والمفهـوم، مجلـه الباحـپ الإعلامـى، العـدد ١، جامعـه بغـداد ، كليـه الإعـلام.

١٠- الدليمـى، حميـد جاعـد محسـن (٢٠٠٤) مدخـل الى تخگيـگ الحمـلات الإعلاميـه، مـاده دراسـيه لمرحلـه الدكتـوراه، جامعـه بغـداد، كليـه الإعـلام.

.Understanding Media Theory, London, Oxford University Press (٢٠٠٣) Kevin , William-١١

١٢- ڕێشاوی، یەحیا عومەر (٢٠١٧) هەژموونی میدیا لەسایەی جیهانگەرایيدا، سلێمانی، ناوەندی ڕێنوێن.

١٣- عەزیـز، مەجیـد سـاڵەح (٢٠١٦) ڕاگەیانـدن و سیاسـەتی ڕاگەیانـدن لەهەرێمـی کوردسـتاندا، سـلێمانی، چاپخانـەی دەزگای سـەردەم.

١٤- ئەبـو زێـد، فـاروق (٢٠١٢) میدیـا و دەسـەڵات..میدیای دەسـەڵات و دەسـەڵاتی میدیـا، و.فـاروق جەمیـل کەریـم، سـلێمانی، چاپخانـەی لەریـا.

١٥- مـوراد، هێـرش ڕەسـوڵ (٢٠١٣) ئیتیـک و یاسـا لەمیدیـای کوردیـدا، سـلێمانی، چاپخانـەی دەزگای چـاپ و پەخـشی

سـەردەم.
١٦- مـوراد و ئـەوانی تـر، هێـرش ڕەسـول ، یـادگار عـەلی محەمـەد و دەشـتی عـەلی ڕەشـید (٢٠٢٠) ڕۆڵـی فەیسـبوک لەبڵاوکردنـەوەی هوشـیاریی دەربـارەی کۆرۆنـا لەهەرێمـی کوردسـتاندا ،گۆڤـاری زانکـۆی گەرمیـان، بەرگـی ٧، ژمـارە ١.
١٧- قەرەداغـی، بەهـات حەسـیب و شـوان ئـادەم ئەیڤەس(بەهـاری ٢٠٢٠)، پەیامـی میدیایـی و کاریگەرییـەکانی لەسـەر هۆشـیاریی تەندروسـتیی هاووڵاتیـان لەسـەردەمی پەتـای کۆڤیـد ١٩ و قەدەغـەی هاتووچـۆ لەهەرێمـی کوردسـتاندا، هەولێـر، زانکـۆی لوبنـانی فەرەنـسی، گۆڤـاری قـەڵای زانسـت، بەرگـی ٥، ژمـارە ٢.
١٨- ئەحمـەد، کارزان محەمـەد (حوزیـران ٢٠٢٠) کاریگـەری واتـەواتی میدیـای ئەلکـترۆنی لەسـەر ئاسـایشی کۆمەڵـگا لەهەرێمـی کوردسـتان بڵاوبوونـەوەی (کۆڤیـد ١٩) بەنموونـە، سـلێمانی، گۆڤـاری لێکۆڵینـەوە سیاسی و ئەمنییـەکان، بەرگـی ٣، ژمـارە ٥.
١٩- پەتـای کۆڤیـد ١٩ چییـە؟، سـایتی فەرمـی وەزارەتی تەندروسـتی حکومـەتی هەرێمـی کوردسـتان. www.mohkrg- >لـەڕۆژی ٢٠٢٠/٥/٣٠ وەرگیـراوە.
٢٠- ئامـاری فەرمـی بڵاوکـراوەی وەزارەتی تەندروسـتی حکومـەتی هەرێمـی کوردسـتان. www.mohkrg- لـەڕۆژی ٢٠٢٠/٨/٢٧ وەرگیـراوە.